## مەسرور بارزانی: هێرشەکەی سەر کونسوڵخانەی کوێت لە بەسرە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە توندی سەرکۆنەی هێرشەکەی سەر باڵەخانەی کونسوڵخانەی گشتیی کوەیت لە شاری بەسرە کرد، ئەم کارەشی وەک پێشێلکارییەکی مەترسیداری یاسا نێودەوڵەتییەکان وەسف کرد.

چوارشەممە 8ـی نیسانی 2026، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئێکس) پەیامێکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا نووسیویەتی: بە توندترین شێوە سەرکۆنەی هێرشی سەر کونسوڵخانەی کوەیت لە بەسرە دەکەم، ئەم کارە تێکدەرانە پێشێلکردنی روونی یاسا نێودەوڵەتی و پەیماننامە دیپلۆماسییەکانە.

مەسرور بارزانی داواشی لە حکوومەتی فیدراڵ کرد، لێپێچینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی هێرشەکە بکات و ڕێکاری جددی و کرداری بۆ دانانی ئاستێک بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشی سەر نێردە دیپلۆماسییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بگرێتەبەر.